# مۆنۆپۆلی ئابووری شەخسی و حزبی

**مۆنۆپۆلی ئابووری شەخسی داچۆڕانە بەرەو خوارەوە**

گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان بەهاوشێوەی زۆرشوێن و کۆمەڵگای تری جیهان بەتایبەت وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست وەکو کلتوورێکی شاراوەو دەزگایەکی ناشەرعی تەشەنەی کردووەو، رۆڵی لەئامادەکردن و رێکخستنی ئەو رێگایەی هەبووە، کە زۆر لەتاکەکانی ناو کۆمەڵگای بەرەو خراپ بەکارهێنانی پۆست و نفووزو مەحسوبییەت و بەفیرۆدانی دارایی گشتی بردووە . بگرە زۆربەی جار نوخبەی سیاسەتمەدار هۆکارێك بووە بۆ فراوانبوونی گەندەڵی لە ئابووری وڵاتدا، تەنانەت گەندەڵییەکە میکانیزمێکی تارادەیەك یاسایی وەرگرتووەو دامەزراوەکانی تایبەت بە چاودێری دارایی و لێپرسینەوە دەسەڵات و توانای نییە کاری بەدواداچوون و بنبڕکردنی گەندەڵی بکات، تەشەنەکردنی گەندەڵی زیاتر بوو لەگەڵ گۆڕانی سیستەمی نوێی جیهان و ئاراستەکردنی ئابووری لە ئابووری حکومەتەوە بەرەو ئابووری بازاڕ و فراوانبوون و کرانەوەی بازاڕەکان، ئەوەتا لەدوا راپۆرتی نێودەوڵەتی بۆ گەندەڵی (٢٠٠٩) کە لەلایەن رێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتییەوە دەردەچێت و هەڵسەنگاندنی بۆ ١٨٨ دەوڵەت تێدایە، چەند زانیارییەکی خستۆتەروو. ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەبێت بوونی ناوی عێراقە لەدوای سۆماڵ و دواتر میانمار، کە لەریزبەندی دووەم لەپێشەوەی ئەو وڵاتانە دێت کە گەندەڵی تێیدا تەشەنەی کردووەو دامەزراوەکانی بەشەفافییەت کارەکان هەڵناسوڕێنن، رێکخراوەکە ئەوەشی راگەیاندووە کە جیهان ساڵانە ٢٠ — ٤٠ ملیار دۆلار لەبوارەکانی بەرتیل و گەندەڵی بەفیرۆ دەدات، کۆمپانیاکانیش رۆڵێکی خراپیان لە زیادبوونی گەندەڵییەکان هەیە و تێچوونی پرۆژەکانیان بە رێژەی ١٠٪ بەرز کردۆتەوە، گەندەڵی یەکێکە لەو کێشانەی ئاستەنگە لەبەردەم پەرەپێدانی ئابووری لە عێراق هەرێمی کوردستان دادەنێت.

**ساڵانە ٢٠ — ٤٠ ملیار دۆلار لەبوارەکانی بەرتیل و گەندەڵی بەفیرۆ دەدات، کۆمپانیاکانیش رۆڵێکی خراپیان لە زیادبوونی گەندەڵییەکان هەیە و تێچوونی پرۆژەکانیان بە رێژەی ١٠٪ بەرز کردۆتەوە**



# ڕێگرتنە لەگەیشتن بە ئابووری بازاڕ

**لەلای ئۆپۆزسیۆن گەندەڵی تەنیا کارتێکی سیاسییە**

پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانیش لەم بارودۆخە تێوەگلاون، ئەوان لەگۆڕەپانی سیاسی باس لەدژایەتیکردنی گەندەڵی دەکەن و تەنیا وەکو کارتێکی سیاسی بەکاری دەهێنن و سیاسەتمەدارەکان و کەسایەتییەکانیشیان هەمان نغرۆی گەندەڵی بوون، لەم روانگەیەوە کاتی ئەوە هاتووە دامەزراوەکانی چاودێری و یاسایی و قەزائی مەلەفەکانی گەندەڵی وەرگرێت بۆرووبەرووبوونەوە و دژایەتی فراوانبوونی نەك تەنیا بۆ بەکارهێنانی وەکو دروشم و جەواشەکردن . لەم ژینگەو بارودۆخەدا چەندین جۆری گەندەڵی دەرکەوت لەوانە :

١-گەندەڵی سیاسی
٢-گەندەڵی ئابووری
٣-گەندەڵی کۆمەڵایەتی
٤-گەندەڵی قەزائی
٥-گەندەڵی رۆشنبیری و راگەیاندن
٦-گەندەڵی کارگێڕی و دارایی

**گەندەڵی ئاستەنگی بەردەم ئابووری بازاڕ**

لێرەدا زیاتر باس لەگەندەڵی ئابووری دەکەین، گەرچی سەرجەم جۆرەکانی گەندەڵی تێکەڵ بەیەکتر بوون و کاریگەری و دەرهاویشتەی یەکتریان لەسەرە . حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەکو چۆن لەجەنگی تیرۆردا سەرکەوتنی بەدەستهێناو ویستی ئابووری ئاراستەبکات بەرەو ئابووری بازاڕ بەهاوشێوەی ئەزموونەکانی تایوان و سەنگافوورەو لەریفۆرمی ئابووری نەترسا و سەرەتای ڕێگای گرتەبەر بەرەو پەرەپێدانی ئابووری و خۆشگوزەرانی، کە دەکر ا بەرنامەو ستراتیژییەت بووایە بۆ ئایندە، بەڵام لەسەرەتای ڕێگا گەندەڵی وەکو ئاستەنگێك دەرکەوت لەبەردەم گەشەپێدانی سروشتی و ڕێڕەوی ئاسایی بەڕێوەبردنی ئابووری بازاڕ، لەبری ئەوەی ئابوورییەکی بازاڕمان دەستکەوێت کەلەسەر بنەماکانی ململانێ و یاسایی و سروشتی گەشەپێدانی سەرمایەداری بنیات بنرێت، بەرەو ئابووری مۆنۆپۆڵ و شەخسی داچۆڕاینە خوارەوە، لەمەش نەك تەنیا سیاسەتمەدار بەڵکو بیزنسکارە گەندەڵ و سەرمایەدارە قۆرغکارەکان رۆڵی سەرەکی و گرنگیان بینی و، بەزیانی ئابووری و ئەزموون و خەباتی پارتەکانی ناو گۆڕەپانی سیاسی کوردستان تەواو دەبێت، سەرکردایەتی سیاسی کوردستان پێویستە روئیایەکی لەسەر چۆنیەتی رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی و ڕێگا گرتن لە تەشەنەبوونی هەبێت، گەر بیەوێت چارەنووسی داهاتووی ئابوورییەکەی زامن بێت..

ئابووری بازاڕ شێوازێکی بەڕێوەبردنی ئابووری نوێ و فەلسەفەیەکی ئابووری دیموکراسییە، ئەم فەلسەفە ئابوورییە تەنیا شێوازو سیاسەتێك نییە بۆ بەڕێوەبردن، بەڵام تەنیا ڕێگایەکە لەمڕۆدا کە حوکمڕانی دەتوانێت لە بەڕێوەبردنی ئابووری داسەرکەوتن بەدەست بهێنێت،بۆیە دەبێت دەسەڵاتی کوردی لەبەرزترین ئاستیداڕووبەرووی گەندەڵی ببێتەوە کە لەناواخنی دەسەڵاتە سیاسییەکەو ئابوورییەکەی دووچاری بووەو مەترسییەکانی لە تیرۆر کەمتر نییە، ئەم واقیعەی تەشەنەکردنی گەندەڵی و دانانی ئاستەنك لەبەردەم گەیشتن بە ئابووری بازاڕ لەسەرجەم وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست باوە، محەمەد عەلی یاریدەدەری بەڕێوەبەری نووسینگەی لێکۆڵینەوەی گەندەڵی سەنغافۆراسەبارەت بە رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی دەڵێت : لەسەنغافۆرا سیاسەتێکی بەهێزی دژ بە گەندەڵی هەیە، کە پێیوایە کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی گرنگییەکی ستراتیجی هەیە بۆ گەشەکردنی نیشتیمانی، بەپێی پێوەری (( تێڕوانینەکان بۆ گەندەڵی )) کە ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی ئاستی گەندەڵییەکانی وڵاتانی پێ هەڵدەسەنگێنێت و، چاودێری ژینگەی کاری بیزنس بازرگانی لەزۆربەی وڵاتاندا دەکات ئەو راستییە دەخاتە روو : ((بیزنسکارو بازرگانە گەندەڵەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەراست کێشەو مەترسییەکی زۆر گەورەترن لەچاو ئەوروپای رۆژئاوا ..)).

**رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی**

گەندەڵی وەکو بەتایەك تەشەنە دەکات، بەرادەیەك توێژو چینەکانی ناو کۆمەڵگاش بە هاوشێوەی سیاسەتمەدارو بیزنسکارو سەرمایەدارە گەندەڵەکان بەشدارن، ئەوروپییەکان لە رۆژئاوای کیشوەرەکەیان لە پەنجاکانی سەدەی نۆزدەمەوە بوونە خاوەنی ( دادگای تایبەت بەبازرگانی )،لەو بەشەی رۆژئاوای کیشوەرەکە هەر لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە زۆربەی خزمەتگوزاری و کەرتە گرنگەکان تاکو ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت لەلایەن کەرتی تایبەتەوەبەڕێوەچوو، بەپێچەوانەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەعێراق و هەرێمیش وەکو بەشێك لەو پێگەیە حکومەت کەرتەکان بەڕێوەدەبات ( واتە مەرکەزییەتی ئابووری )، لەکاتێکدا لەجیهانی پێشکەوتوو نامەرکەزییەتی ئابووری پیادەدەکرێت و حکومەت چاودێری توونده بەسەر دامەزراوەکانەوە، کاتی ئەوەهاتووە لێپرسینەوە لەو بەرپرس و فەرمانبەرانە بکرێت کە لە گەندەڵی تێوەگلاون و لەپاڵ کاری بەرپرسێتی حکومەت کاری بازرگانی دەکەن و پشکیان لەکۆمپانیاکان هەیە،کاسبکارو کەرتی تایبەتیش کاراکتەری سەرەکی گەندەڵییەکانە بگرە گەندەڵییەکە خەریکە دەبێتە کلتوور، رەنگە جیاوازی گەندەڵکارەکە تەنیا لەجۆری پیشەکە یاخود پۆستەکە و ڕێژەو ئاستەکەیدا بێت، زۆرجار کەناڵێکی راگەیاندن یاخود

> **حکومەتی هەرێم لەجەنگی تیرۆردا سەرکەوتنی بەدەستهێناو لەریفۆرمی ئابووری نەترسا ، بەڵام لەسەرەتای ڕێگا گەندەڵی وەکو ئاستەنگێک دەرکەوت لەبەردەم گەشەپێدان**

ڕۆژنامەنووسێك یا کرێکارو قوتابییەك لە گەندەڵی بەپێی پیشەو کارەکەی (کەمتەرخەم دەنوێنێت، کارێکی نایاسایی بۆ ناسیاوو کەسێك بەڕێ دەکات، بەردیل دەدات یاخود دیاری وەردەکرێت بەرامبەر کارێکی نایاسایی، دەسەڵات و کارەکەی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاردەهێنێت . هتدا )،ئالێرەدا متمانەی هاوڵاتی بەرامبەر دەسەڵات کەم دەبێتەوە، گەندەڵی کاتێك تەشەنە دەکات ڕووبەڕووبوونەوەی کارێکی ئاسان نییە، پێویستە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی گەندەڵی چارەسەر بکرێت، نەك بەرەنگاربوونەوەی دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی .

ئەزموونی سەنگافورە لەبەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بۆ ئێمەی کورد بەسوودە، چونکە ئەوانیش بەهاوشێوەی ئێمە لەگەڵ کرانەوەی بازاڕەکان و فراوانبوونی

**بیزنسکارو بازرگانە گەندەڵەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشەو مەترسییەکی زۆر گەورەترن لەچاو ئەورووپای ڕۆژئاوا**

- گەندەڵی وەکو نەخۆشی ( ئایدز) وایە، هەروەکو چۆن لەش بەرگری نامێنێت، کۆمەڵگاش توانای پەرەپێدان و چاکسازی نامێنێت و، کەسەکانی ناو کۆمەڵگاش دووچاری بێزاری و لاوازی ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی دەبنەوە..

بانکی نێودەوڵەتی

- گەندەڵی لاوازی دەسەڵاتی سیاسی و تێوەگلانی کەسێك یاخود گروپێکە بۆ بەدەستهێنانی سوودو بەرژەوەندی تایبەتی ..

سندوقی دراوی نێودەوڵەتیIMF

کاری بازرگانی و ئابووری دووچاری گەندەڵییەکی ڕادەبەدەربوون، بەڵام(لی کوان یو)ی سەرکردەی سەنگافورە توانی چیرۆکی سەرکەوتن تۆمار بکات و وڵاتەکەی لە جیهانی سێیەمەوە بەرەو یەکەمین ئاراستە بکات ..

### ستراتیژییەتی دژایەتیکردنی گەندەڵی دەکرێت بەم ڕێگایانە کۆنترۆڵ بکرێت :

١) ڕێوشوێنی یاسایی دژی گەندەڵی، ٢ - ڕێوشوێنی ئیداری، ٣-ڕێبەری ڕێگریکردن لە گەندەڵی، ٤-هەڵوێست وەرگرتن دژی بەرپرسانی گەندەڵی نێوحکومەت، ٥-سزای دادگا بۆ گەندەڵی، ٦- سزای ئیداری بۆ گەندەڵی، ٧-دەوری ئاژانسە حکومییەکان، ٨-دانانی سیستەمێکی توندی چاودێری و بنبڕکردنی (تاوانی شووشتنەوەی پارە)، کەئەو پارانەی بە ناشەرعی دەستکەوتووە دووبارە بە نهێنی دەخرێنەوە ناو کاروباری ئیکۆنۆمی .

**لە جیهانی نوێدا بۆ ڕێگەگرتن لەکەوتنەوەی گەندەڵی، پێش ڕوودانی و بوونی بەدیاردەیەك چەند خاڵێك پەیڕەو دەکرێت لەوانە:**

- بەدامەزراویکردنی دامودەزگاکانی حکومەت.
- دیموکراتییەت بکرێتە میکانیزمێك بۆ کاری سیاسی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات.
- بەهێزکردنی یاساو پێشخستنی فەرهەنگ و کلتووری ڕێزگرتن لە یاسا.
- ئاسان بەڕێوەچوونی کارو پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و دامەزراندنی سیستەمێکی چالاك و سەربەخۆ .
- هاندانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی .
- پێشخستنی ڕاگەیاندنی پرۆفیشناڵ و ئازاد .
- بەرزکردنەوەی داهاتی فەرمانبەر
- هۆشیارکردنەوەی ئەخلاقی و ئایینی و ڕۆشنبیری و شارستانی.
- پەرەپێدان و بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئاژانس و ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکان

گەندەڵی لە تێڕوانینی بانك و سندوقی دراوی نێودەوڵەتییەوە





# بنبڕکردنی گەندەڵی

# سەنگافورەی لە جیهانی سێیەمەوە گواستەوە بۆ یەکەم

سەنگافورە وەکو نموونەیەك باس دەکەین بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی، چونکە ئەم وڵاتە لەماوەیەکی کەمدا ڕووبەڕووی گەندەڵی بۆوە، ئەوەتا لەدوا ڕاپۆرتی شەفافییەتی نێودەوڵەتی پلەی چوارەمی بەدەستهێنا لە باشترین وڵات کە توانیوێتی دژایەتی گەندەڵی بکات . لەساڵی ١٩٥٩ کاتێك سەنگافورە حوکمی سەربەخۆیی بەدەستهێنا، حکومەتیکی پاشماوەی بەریتانییەکانی بۆ مایەوە، کە گەندەڵی زۆر تیابوو، گەندەڵی سەندیکاکان و تێوەگلانی بەرپرسانی حکومی بەکاری نایاسایی و بەردیل و بەکارهێنانی بۆستی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و دانانی خزم و کەسانی بەردیل خۆر لەنزیك بەرپرسەکان .

**دژایەتی گەندەڵی لەوهەلومەرجەدا کارێکی زۆر گران بوو چونکە:**

١) یاسا بێ هێز بوو. ٢- کۆکردنەوەی بەڵگە کارێکی گران بوو بەهۆی یاسای لاوازی دژە گەندەڵی . ٣- خەڵك ڕۆشنبیر نەبوون و بە مافەکانی خۆیان نەدەزانی. ئەوان لە مامەڵەی نا دادپەروەری بەرپرسان ڕاهاتبوون و قبووڵیان بوو. ٤- کەسانی نێودەزگا حکومییەکان موچەیەکی باشیان نەبوو بەبەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە کەرتی تایبەت کاریان دەکرد. ٥- زۆربەی فەرمانبەرانی نووسینگەی لێکۆڵینەوەی کاری گەندەڵی لە هێزی پۆلیسەوە وەرگیرابوون کە شارەزاییان لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵییان نەبوو.

**ستراتیجی گەشەکردنی نیشتیمانی**

لی کوان یو یەکەمین سەرۆك وەزیرانی سەنگافورە بوو توانی وڵات لە جیهانی سێ وە بۆ یەکەم ببات، ئێستاکە لە سەنگافورە سیاسەتێکی بەهێزی دژ بە گەندەڵی هەیە، کە پێی وایە کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی: گرنگییەکی ستراتیجی هەیە بۆ گەشەکردنی نیشتیمانی و سەرچاوەی کێبرکێی نێوان کۆمپانیاکانە، بەو پێیەی کەسانی وەبەرهێن حەزدەکەن لە ژینگەیەکی شەفاف و خاوێندا کار بکەن، نەوەك لە ژینگەیەکی پڕ لە بەرتیل، بەمشێوەیە بەڕێوەبردنێکی باشی ئابووری لە بەرژەوەندی هاووڵاتیاندایە، لەلایەکی ترەوە دەبێتە هۆی دامەزرانی کەسانی بەتوانا.

**بەدەستهێنانی متمانە لەلای جەماوەر**

پاش بەدەستهێنانی سەربەخۆیی سەرکردە سیاسییەکانی سەنگافورە هەندێك یاسایان گۆڕی، تاکو دەسەڵاتی زیاتر بدەنە فەرمانبەرانی نووسینگەی لێکۆڵینەوەی کاری گەندەڵی. یاسای دژە گەندەڵی لەو وڵاتەدا یاسایەکی تۆکمە بوو سزای گونجاوی بۆ گەندەڵکاران پێ بوو. یاسایەکە زوو زوو پێداچوونەوەی بۆ دەکرا، بۆبەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر، سەرکردە سیاسییەکان بوون بە نموونەی باش بۆ فەرمانبەرانی تر، تاکو شوێن پێی ئەوان هەڵگرن، بگرە سەرکردە سیاسییەکان خۆیان لە هەموو مامەڵەیەك بەدوور گرت کە پەیوەندی بە پارە یان بازرگانییەوە هەبوو.

لەگەڵ گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی، ڕێوشوێنی ئیداری توونديش گیرایەبەر تاکو هەلی فەرمانبەرانی حکومی لە تێوەگلانی گەندەڵی کەم بکاتەوە، ڕێبەرێکی تایبەت بە قەدەغەکردنی گەندەڵی دەرچوو کە لێرەدا پووختەی هەندێك لەو فەرمانانە دەخەینەروو کە لەلایەن یاریدەدەری بەڕێوەبەری نووسینگەی لێکۆڵینەوەی گەندەڵی سەتگافورە ئامادەکراوە:

**ڕێبەری قەدەغەکردنی گەندەڵی**

١) هیچ فەرمانبەرێك بۆی نییە کە قەرز لە کەسێکی بەردەستەی خۆی پارە قەرز بکات یان لە کەسێك پلەی لەو نزمتر بێت.

٢) هیچ فەرمانبەرێکی حکومی بۆی نییە زانیاری گشتی بەکاربهێنێت بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی.

٣) هەموو بەرپرسێك دەبێت دارایی خۆی ئاشکرا بکات، لە سەرەتای دامەزراندنییەوە پاشانیش ساڵانە ئاشکرای بکات.

٤) هیچ بەرپرسێك بۆی نییە هیچ کارێکی تری بازرگانی یان هەرکارێك بکات بەبێ ڕەزامەندی.

٥) هیچ بەرپرسێك بۆی نییە قبوڵی هیچ شەراکەتێك بکات لە هیچ کۆمپانیایەکدا بەبێ ڕەزامەندی سکرتێری گشتی.

٦- هیچ بەرپرسێك بۆی نییە هیچ شتێك وەك دیاری وەربگرێت.

TRANSPARENCY INTERNATIONAL

**سەنگافورە لەدوا راپۆرتی شەفافیەتی نێودەوڵەتی پلەی چوارەمی بەدەستهێنا لە باشترین وڵات کە توانیوێتی دژایەتی گەندەڵی بکات عێراقیش لە خراپیدا پلەی دووەمی بەدەستهێنا**